# "یەکی ئایاری ئەمساڵ... شەقامەکان هی ئێمە بوون"

## کورتەیەك لە راپۆرتی چالاکییەکانی ریکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بەبۆنەی یەکی ئایار، رۆژی جیهانیی چینی کریکارەوە

بەمەبەستی ریزلینان لەیەکی ئایار رۆژی جیهانی کرێکارانەوە، ریکخستنەکانی حیزب لەچەند ولاتی ئەوروپا و کەنەدا وئوستراليا، دەستيان دايە زنجيرە چالاکی‌يەکی جوارجۆر کەبەهۆيانەوە جیگای ئەم رۆژە، وەك رۆژیکی نارەزايەتی بەروی نەزم و نیزامی سەرمایەداری و بۆ بەدیهینانی دنیایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران، لەنیو خەباتی کرێکاراندا دیاری بکات، بەریوەبرد. دروشمەکانی ئایاری ئەمسال " بژی یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی نیونەتەوەیی کرێکاران"، " نابۆ تیرۆریزمی ئەمریکاو نابۆ تیرۆریزمی ئیسلامی.. بەلی بۆ حکومەتی علمانی"، " کریکارانی جیهان هیزیکی سەرەکین لەدیاریکردنی داهاتوویەکی باش بۆ خەلکی عیراق"، "دامەزراندنی عیراقیکی ئازاد و سکولار، بەندە بەدەخالەت و پشتیوانی کریکاران و دنیای موتەمەدینەوە"، "کریکارانی جیهان یەکگرن" لەکۆمەلەی ئەو دروشم و بانگەوازانەبوون کەلەنیو ئاپوورەی خەلك و ئاکسیۆنە جەماوەری‌یەکاندا لەلایەن هاوريانەوە بەرزدەکرانەوە و هاوشانی هەلبرینی وینەکانی مارکس و مەنسوری حیکمەت بەرووی کۆمەلگادا دەدرا. بەمجۆرەش ریکخستنەکانی حیزب هاوری لەگەل ریکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست ولەکەنار سەدان ریکخراوی چەپ و یەکیتی کرێکاری و خەلکی ئازادیخوازدا ناوەندی شارە سەرەکی‌یەکانیان کردە مەیدانیك بۆهەلسوران و چالاکی و دەربرینی نارەزایەتی فراوان... ئەوەی لیرەدا دەیخوینینەوە کورتەیەك لەلایەنەکانی ئەم چالاکی و هەلسورانانەیە:

**کەنەدا: تۆرنتۆ- ڤانکۆڤەر**

ریکخستنەکانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست، هەستان بەسازدانی مەراسیمیکی مەرکەزی لەشاری تۆرنتۆ/کەنەدا و نزیکەی 100 کەس تێیدا بەشداریانکرد. لەم مەراسیمەدا هاوری یەنار محمد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ووتەی حزب و هاوری ئەمجەد علی بەنوێنەرایەتی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاری‌یەکانی عیراق و هاوری سەعیدی کەرامەت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری حیکمەتی و هاوری جەلال بارخودایی .. بەوتەی جۆراوجۆر لەبارەی بارودۆخەکانی ئیستای عیراق و ئیران و جیهانەوە قسەوباسیان کردو لەونیوەشدا ئاماژەیان بەدەورەی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبەکانی کرد کەتەنها سەنگەری دەرکیشانی کۆمەلگایە لەبەلا وموسیبەتیك کەسەرمایەداران و بەشەکانی بۆرژوازی لەدنیا و لەناوچەکەدا بەسەر خەلکەوە دایان سەپاندووە. کۆتایی مەراسیمەکەش بە ئاهەنگ و شادی تانیوەی شەو دریژەی کیشا، هاوری سەمەر عزیز لەبەریوەبەرانی بەرنامەی ئەم مەراسیمەبوو.

وەلەشاری ڤانکۆڤەریش ریکخستنەکانی هەردوو حیزب لەکەنار ریکخراوە کریکاری وچەپەکانی ئەم شارەو بەسەدان خەلکی ئازادیخواز، لە ئاکسیۆنی جەماوەری ئەم شارە بەهەلبرینی دەیان لافیتەو پلاکارت و وینەکانی مارکس و مەنسور حیکمەتەوە بەشدارییان کرد. شایانی باسە رۆژنامەی "ڤانکۆزەر سەن" دیداریکی لەگەل هاوری سروە فائق کادری حیزب سازدا.

**بریتانیا: لەندەن**

رۆژی یەکی ئایار ریکخستنەکانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئێران-حیکمەتیست، هاوری لەگەل چەندین یەکیتی کرێکاری و ریکخراو و لایەنەچەپەکانی بریتانیادا، بەشدارییان لەگیرانی ئاکسیۆنیکی جەماوەریداکرد و لەویدا ویرای هەلبرینی چەندین وینەی مارکس و مەنسوری حیکمەت وبەرزکردنەوەی دەیان لافیتە وپلاکارت کە بەگەورەیی لەسەریان نوسرابوو" هیشتا دنیا پێویستی بە گۆرین هەیە"، هاورێیان توانیان بە سەدان ژمارە لە بەياننامەو بلاوکراوەکانی حیزب، یەکیتی شوراو نەقابە کرێکاری‌یەکانی عیراق، ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق .. کەلەبارەی یەکی ئایار و بارودۆخەکانی عیراقەوە نوسرابوون بلاوبکەنەوە. شایانی باسە ئەم ریپیوانە جەماوەری‌یە لە بەردەم کتیبخانەی مارکسەوە بۆ نیوەندی شاری لەندەن "تراڤلگاسکویر" دریژەی کیشا و پاشان کۆبوونەوەی فراوانی جەماوەری لەخۆگرت.

ئیوارەی هەمان رۆژ بەهاوبەشی لەگەل هاوریانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتی، ریکخراوی بریتانیای حیزب مەراسیمیکیان بەم بۆنەیەوە سازدا و لەویدا هاورێیان نادیە محمود، بەنوینەرایەتی حیزب و هۆزان محمود بەنوینەرایەتی یەکیتی شوراو نەقابە کرێکاری‌یەکان قسەوباسیان بەزمانی ئینگلیزی پیشکەش بەئامادەبووانکرد، هەروەها هاورێیان ئەمان کەفا بەنوینەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی

حیکمەتی و مارتین توماس بەنوینەرایەتی "هاوپەیمانیتی رزگاری کریکاران" قسەوباسیان پیشکەشکرد ولەئاخریشدا مەراسیمەکە بەگیرانی ئاهەنگ و گۆرانی دریژەی کیشا.

**فینلاندا: هیلسنکی- لاهتی**

رۆژی یەکی ئایار، ریکخستنەکانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست، لەدوو کۆبوونەوەی جەماوەرییدا لەشاری هیلسنکی، کەبۆ ریزلینان لەم رۆژە سازدرابوو بەشداریانکرد، لەم کۆبوونەوانەدا هاوری جەمال صالح ئەندامی کۆمیتەی فینلاندی حیزب بەناوی هەردوو حیزبەوە بەزمانی فینلاندی ووتەیەکی پیشکەش بەئامادەبووان کرد و لەبارەی بارودۆخی کرێکارانی عیراق و گرنگی خەباتی ئەمرۆیانەوە قسەوباسیکرد کەبووە جیگای چەپلە لیدانیکی زۆری ئامادەبووان. هاوکات هەردوو حیزب خەیمەیەکی تەبلیغاتیان لە "هاکانیمی" ناوەندی شاردا سازدا و میزکتابیکی گەرۆکیان لەنیو جەماوەری خۆپیشاندانەکاندا گیراکە چەندین بەیاننامەو بلاوکراوەی هەردو حیزبی بەزمانەکانی ئینگلیزی و فینلاندی و عەرەبی لەسەربوون.

وەلەشاری لاهتی بەیانی زووی هەمان رۆژ ریکخستنەکانی حیزب لەم شارە و لەبەر سەرماو بەفر، لە خۆپیشاندانی جەماوەری ئایاری ئەمسالدا بەهەلبرینی چەندین لافیتەو پلاکارت و وینەکانی مارکس و مەنسور حیکمەت بەشداریانکرد، هاوری براهیم حسین، ئەندامی کۆمیتەی فینلاندا وووتەی حیزبی لەنیو کۆبوونەوەی جەماوەری ئەم شارەدا پیشکەش کردو بوە مایەی سەرنجی ئامادەبووان. ..

**ئەلمانیا: کۆلن- کالسرۆ**

بۆ ریزلینان لەیەکی ئایار، رۆژی جیهانی کریکاران، ریکخستنەکانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست ، لەشاری کۆلن هەستان بەسازدانی ئێوارەکۆرێك وئاهەنگیك لە رۆژی 4/30 دا. لەم ئیوارەکۆرەدا هاوری تاهیر حەسەن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وتەی حیزبی پیشکەش بەئامادەبووانکرد و تیایدا ئاماژەی بە بارودۆخەکانی ئیستای عیراق و دەوری چینی کریکار وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کرد، وەلەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی حیکمەتیستەوە هاوری هومایون گودازگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ووتەیەکی پیشکەش کرد. هاوکات ریکخستنەکانی حیزب لەرۆژی یەکی ئایاردا هەستان بە دانانی میزکتابیك لەکۆبوونەوەی ریکخراوە کرێکاری وچەپەکانی ئەمشارەدا کەبەبۆنەی یەکی ئایارەوە سازیاندابوو. وە چەندین بەیننامەو بلاوکراوەی حیزبیان بلاوکردەوە.

وەلەشاری کالسرۆ رۆژی 4/30 ریکخستنەکانی حیزب هەستان بەبلاوکردنەوەی بەیاننامەو  بلاوکراوەکانی حیزب لەئیوارە کۆریکدا کە لەلایەن ریکخراوی سۆسیالیستە نیونەتەوەییەکانەوە سازدرابوو، هاوکات ریکخستنەکانی حیزب لەمشارە بەشداریان لە ریپیوانیکی جەماوەری داکرد کەلەلایەن یەکیتییە کرێکارییەکان و ریکخراوەچەپەکانەوە بۆریزلینان لەیەکی ئایار سازدرابوو ...

**ئوستralیا: سیدنی**

ریکخراوی ئوسترالیای حیزب لەبۆنەیەکدا بەبلاوکردنەوەی بەیننامەو بلاوکراوەکانی حیزب بەشداریانکرد کەلەلایەن ریکخراوی سوسیالیستە نیونەتەوەییەکانەوە سازدرابوو لەناوچەی" ردفرین" هەروەها ریکخستنەکانی حیزب لەئوسترالیا لەخۆپیشاندانی ئایاری ئەمسال کە لەشاری سیدنی لەلایەن یەکیتییە کرێکارییەکان و ریکخراوە چەپەکان وژنانەوە سازدرابوو بەشداریانکرد، لەم خۆپیشاندانەدا کەنالی تەلەفزیۆنی" رادیکال تیڤیێ" دیداریکی لەگەل     هاوری لیلی محمد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی بارودۆخەکانی عیراقەوە سازدا.

**نرویج: ئۆسلۆ- فریدریکستاد**

زیاتر لە 7 هەزرا کەس یەکی ئایاریان لەشاری ئۆسلۆ یادکردەوە. خۆپیشاندان لەبەردەم بارەگای سەرەکی یەکیتی گشتی نەقابە کریکارییەکانی نەرویج "ئی ئۆ" کۆبوونەوە. ریکخستنەکانی هەردوو حكو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست ، لەم کۆبوونەوەیەدا بەهەلبرینی دەیان وینەی مارکس و مەنسور حیکمەت و چەندین لافیتەی سور و پلاکارت  کە دروشمەکانی حیزبیان لەسەر نوسرابوو بەشداریانکرد، هاوکات سەدان نسخە لە بەیننامەو بلاوکراوەکانی حیزبیان بلاوکردەوە.

وەلەشاری فریدریکستادیش هاورێیانی حیزب لە کۆبوونەوەی جەماوەری ئایاری ئەمشارەدا بەشداریانکرد، کەلەلایەن حیزب و ریکخراوە کریکاری وچەپەکانەوە سازدرابوو.

**دانیمارك: کۆبنهاگن**

ریکخستنەکانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست، لەکۆبوونەوەی جەماوەری ئایاردا ، کەنزیکەی 15 هەزار کەس دەبوون بەشداریانکرد و لەویدا خەیمەیەکی تەبلیغاتی رازاوە بەوینەکانی مارکس و مەنسوری حیکمەت و چەندین لافیتە کەدروشمەکانی حیزبی لەسەر نوسرابوو، داناو بەسەدان بەیاننامەو بلاوکراوەی حیزبیان گەیاندە دەستی خۆپیشاندەران.

**هۆلندا: رۆتردام**

لەشاری رۆتردام گەورەترین خۆپیشاندانی جەماوەری ئایاری ئەمسال لەلایەن ئەحزاب و ریکخراوە کریکاری و چەپەکان و ریکخراوەکانی ژنانەوە سازدراو ژمارەیەکی زۆر لەخەلکی تیایدا بەشداریان کرد، لەم خۆپیشاندانەدا ریکخستنەکانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست ، بەشداری چالاکانەیان بەبەرزکردنەوەی چەندین لافیتەو پلاکارت و وینەکانی مارکس و مەنسورحیکمەت کرد و هەروەها میزکتابیکیان رازاندەوە و پاشان چەندین ژمارە لەبەیاننامەو بلاوکراوەکانی حیزبیان گەیاندە دەستی خۆپیشاندەران.

**سوید: ستۆکهۆلم- یۆتۆبۆری**

لەنیوەندی هەردوو شاری ستۆکهۆلم و یۆتۆبۆری و مالمۆ جەماوەریکی زۆر لەخەلکی ئەمسال بەخۆپیشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتی یەکی ئایار رۆژی جیهانی کرێکارانیان ریزلیگرت.. لەم خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییانەدا ریکخستنەکانی حیزب بەدانانی خەیمەی تەبلیغاتی و میزکتاب و بلاوکردنەوەی بەیاننامەو بلاوکراوەکانی حیزب بەشداریانکرد. هەروەها چەندین لافیتەو پلاکارتیان بەرزکردەوە کە دروشمەکانی ئایاری ئەمسالی حیزبیان لەسەر نوسرابوو..

ئەمانەو ریکخستنەکانی حیزبیش لە سویسرا و چەند شوینیتر بەهەمان شیوە بەشداریان لە خۆپیشاندان و چالاکیە ئایاری یەکانی ئەمسالداکرد..

2005/5/2

بۆ بینینی وێنەکان کلیکی ئێرە بکە